


# کێ پاسەوانیی لە زمانی کوردی دەکات؟

{گەلێکی دیلی ژێردەستە که زمانی خۆی بە باشی دەزانێت و دەیپارێزێ، وەک بەندییەک وایە کە کلیلی بەندیخانەکەی لە باخەڵی خۆیدا بێت}

ئازاد عەبدولواحید

* لەم چەند ساڵەی دوایی، فێربووین لە دوو ڕێکەوت و ڕۆژی جیاوازدا، بە لێشاو وتار و پۆستی ئەلکترۆنی لە بارەی ڕۆژی خۆشەویستی و ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دەنووسین، لێرەدا باسی ڕۆژی خۆشەویستی ناکەم، کە چەند بە پێ لێ هەڵبڕینەوە کەسانێک دێن بۆ خۆشەویستی دەکڕووزێنەوە و دەنووسن کە هەموو ڕۆژەکان، بگرە هەموو ساتەکانی ژیانیان بۆ دڵڕەشی و پاشقوڵ و ملشکاندن و دووزمانی و فیتنەگێڕی و دووڕوویی و بەدگۆیی تەرخان کردووە، ئەوانە دەیانەوێ بە ڕۆژێک قەرەبووی ساڵێکی فیشکاندن و ڕق و بوغز و کینە بکەنەوە، وەک نە بایان دیبێ، نە بۆران. ئەوەی لەم گۆشەیەمدا پتر مەبەستمە لای لێ بکەمەوە ڕۆژی زمانی دایکە، کە ئەویش بە دەردی ڕۆژی خۆشەویستی چووە، بۆیە دەبینین هەر کەسێ لە جێی خۆیەوە ڕاست دەبێتەوە، خۆی لێ دەبێتە زمانزان و یەکەم خەمخۆری زمانی کوردی و لەبارەیەوە دەنووسێ، هەر کەسەو خۆی بە فریادڕەس و تاکە دڵسۆز و پەرۆشی بێ ڕکابەری ئەو زمانە دەزانێ، ئەوانەی لەو ڕۆژەدا دەبنە برای پشتێی زمانی کوردی، تاکوتەرایان نەبێ، دەنا ئەوانی دیکەیان نەک لاپەڕەیەکی خورشیدی، بەڵکوو ناتوانن پەرەگرافێکی بێ هەڵە و کەموکووڕییش بنووسن.

* ئەمڕۆکە نە لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە، نە لەلای نووسەرەکانەوە زۆر بە دەگمەن نەبێ هەوڵی فێربوونی زار و بن زارەکانی زمانی کوردی نادرێ، لە بەشی کوردیی زانکۆکانی کوردستانیشدا تا ئێستا هەوڵ نەدراوە ساڵانە زار و بن زارەکانی زمانی کوردی بە باشی بە قوتابیانی ئەو بەشانە بڵێنەوە و بەو شێوەزارانەیان ئاشنا بکەن. ئەمن پێم سەیرە نووسەرێک هەبێ، هیچ لە زار و بن زارەکانی دی (مەبەستم شارەزایی تەواوی لە کوردیی ناوەند، ژووروو، خواروو، هەورامی، زازاکی، لەکی) نەبێ، کەچی خۆی پێ کوردیزانێکی چاک بێ. هەیە بە یەک شێوەزار دەنووسێ، پەی بە هەموو کونوقوژبنەکانی نەبردووە، خۆشی بە کوردیزانێکی بێ وێنە دەزانێ. شوکور مستەفا بەو هەموو کوردیزانینەی خۆیەوە دەیگوت ئەوەم لێ بووەتە خوو و خدە (شەرەفنامە)کەی مام هەژار وەری گێڕاوە، ڕۆژانە دەهێنم و لەسەر ئەژنۆ بۆی دادەنیشم، بەلانی کەمەوە چارەکێک تا بیست چرکە دەکەومە خوێندنەوەی، کە لێم پرسی بۆچی ڕۆژانە ئەم کارە دەکات؟ دەیگوت مەبەستمە بە جوانی لە ڕستەکان ورد ببمەوە، دەمەوێ بزانم چۆن ئەو ڕستە کورت و چڕ و مانادارانەی داڕشتووە.

* ئەو دوو زمانزانە گەورەیەی کورد مام هەژار و شوکور مستەفا، ژیانیان لە زۆر ڕووەوە لە یەکدی نزیک بووە، هۆردووکیان بە فەقێیەتی گوند و شار و شارۆکەکانی کوردستانیان تەی کردووە، بەهۆی خۆشاردنەوەیان و لە ترسی دەستگیر نەکردنیان هەر ماوەیەک لە گوندێک ژیاون، هەر لەو گوندانەدا فێری ئەو کوردییە ڕەوان و پاراوە بوون. ئەوەندەی لێی نزیک بووم و ئاگام لێیە بەم دوادواییەی ژیانی، شوکور مستەفا دەیویست جێی مام هەژار بگرێتەوە، لە سەرەتای هاتنی بۆ هەولێر، بە نامیلکەیەک وەڵامی یەکێک لە ناحەزەکانی مام هەژاری دایەوە، لەولاشەوە خەریک بوو فەرهەنگێکی کوردی- کوردی بۆ هەموو زار و بن زارەکان دابنێ، بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا ئەو پرۆژە گرنگەی تەواو بکات.

* لەوەتەی کورد هەیە و ئەوەندەی لە بن دەستی داگیرکەراندا بووە، باوەڕ ناکەم بارتەقای ئەو چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین زمانی کوردی بە دەست قەڵەم بەدەستان و ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارەکانەوە زەبری بەرکەوتبێ، لە کاتێکدا باوک و باپیران و دایک و داپیرانمان بە درێژایی مێژوو ئەو زمانەیان بە پاکی و بە زیندوویی بۆ پاراستووین و نەیانهێشتووە دەستی دژمنکارانەی ناحەزانی ئەو زمانە زەفەری پێ ببەن. دەبوو کورد لە پاش ئەوەی جڵەوی حوکمڕانیی کەوتە دەست، نەک هەر باشترین پاسەوانی زمانەکەی خۆی بێ و گەشەی پێ بدا کە کۆڵەکەی سەرەکی بە زیندوو مانەوەی بووە، ئەوجا لە وشە و واژە و دەربڕین و ڕستەی نامۆ بژار و لەلای نەوەکانی ئێستا و داهاتوو شیرین و خۆشەویستی بکا، داخەکەم بە دەردێکی برد، سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا.